# هه ڵه بجه هیرۆشیما نییه

له پاش راپه رین زاهیر جه لال یه که مین که س بوو ، که ئه م رسته سه قه ته ی بۆ کردین به گۆرانی و به تۆپزی کردی به گوێماندا . من نازانم ئه م شیعره هی چ شاعیرێکه . به ڵام خوا زاهیر جه لال بگرێت بۆ ئه م گۆرانیه ی که ووتی و ئه م بیره سه قه ته ی به مێشکی هه موو کوردێکدا بڵاو کرده وه .

بۆ شووبهاندن و ناونانی هه ر بابه تێك یان ڕووداوێك، پێویسته پێش هه موو شتێك مێژووکه ی باش بخوێنینه وه . کاره ساتی هه ڵه بجه ،زۆر زۆر جیاوازه له گه ل هیرۆشیماو ناکازاکی.

هه ڵه بجه یه ك که به هه موو مێژووی په لاماری هیچ وولاتێك یان گه لێکی نه دابێت . بگره له وه تی ئه و شاره قاره مانه دروست بووه ، هه ر له لایه ن خه ڵکی تره وه په لاماردراوه. هه ر له به ربه ریه تی ساسانی و رۆمه وه ، بۆ به ربه ریه عه ره ب و تـورك و ئینگلیزو جاشه کانیانه وه . له کاتێکدا ژاپۆن هه موو مێژووی هه ر خه ریکی چه ته گه ری و په لاماردانی دراوسێکانی بووه.ژاپۆن پێش ئه وه ی په لاماری ئه مه ریکابدات،گه لانی چین و کۆریا و ئه ندۆنیسیا و هه موو گه لانی ئاسیا به دڕنده ترین شێوه له لایه ن ژاپۆنیه کانه وه داگیرکرابوون . به ربه ریه تی ژاپۆنیه کان هێنده زۆره ، مه ر تورك و ئه لمان و ئه مه ریکاهێنده ی ئه وان به ربه ری بوو بێتن . ئه وان هه موو ئاسیا یان کردبووه کۆیله ی خۆیان . تاوانه کانیان به زیاتر له 30 ملیۆن مرۆڤ مه زنده ده کرێت . مۆزه خانه کانی چین و کۆریا به راشکاوی به ربه ریه تی ژاپۆنیه کان نیشان ده ده ن . خه ڵکی هه له بجه کیمییان پێداکرا ، چونکه بێ تاوان بوو ، چونکه ئاشتیخواز بوو ، چونکه بێ ده سه ڵات بوو . به ڵام ژاپۆن بۆیه بۆمباران کرا ، چونکه په لامارده ر بوو ، چونکه داگیر که ر بوون ، چونکه به دڕنده ترین شێوه په لاماری گه لانی تریان ده دا .

له و کاته ی که هیرۆشیما و ناکازاکی بۆمباران کران ، به ملیۆنه ها چینی و کۆری و ئه نده نووسی و هه موو گه لانی ئاسیا خۆشحا ل بوون . چونکه ئاواتی رزگاریان هاته دی . چونکه له کۆیلایه تی ژاپۆنیه کان رزگاریان بوو .هه تا ئه و کاته ش ژاپۆنیه کان له ته واوی ئاسیادا هه ر خه ریکی چه ته گه ری بوون. گه لانی ئاسیا گه ر ئه و بۆمبانه ی ئه مه ریکا نه بوایه ، هه تاوه کوو ئه مرۆش هه ر کۆیله ی ژاپۆنیه کان ده بوون .

پێ ده چێت هه ندێك که س که به رۆمانسیانه بۆ مێژوو ده ڕوانن به فاشیم له قه ڵه م بده ن . به ڵام گه ر ئه و که سانه بۆ تاکه ساتێك له ژێر حوکمی ژاپۆنیه کاندا بژیانایه وا ناڵێن . زۆر له ئه ڵمانیه کان پێیان وایه که له شاری (درێسن) گه وره ترین تاوانیان به رامبه ر کراوه . زۆر ریپۆرتاژو به رنامه م له سه ر ئه م بابه ته بینی ، هێنده کاری تێکردم تا شه وێکیان کورته چیرۆکێکم له سه ر ئه م بابه ته نووسی . به ڵام زۆر سووپاسی ئه و فه رمانبه ره نازیه ی دائیره ی کار ده که م ، که بۆ به یانیه که ی بۆچوونمی گۆری و کورته چیرۆکه که شم سووتاند . گه ر شاری درێسن بۆمباران نه کرایه، ئه ڵمانیه نازیه کان هه ر خه ریکی سووتاندنی زه وی و مرۆڤی ئه وروپی ده بوون . ئه م گریان وتراژیدیایه ی که ئه ڵمانی وژاپۆنیه کان دروستی ده که ن.ته نها بۆ ئه وه یه،که تاوانه گه وره کانیان که به رامبه ر به شه ریه ت کردوویانه له خه ڵکی بیشارنه وه.له به ر ئه وه هیچ کات مۆڕاڵی به رزم رێم پێنادات یه ك دڵۆپ فرمێسك بۆ ئه و تاوانبارانه برێژم . تاکه ترووسکایی باش له مێژووی ئه مه ریکادا هه بێت،رزگار کردنی به شه ریه ته له چه ته گه ری و به ربه ریه تی ژاپۆنی و ئه ڵمانی .

هه تاسه رئێسقان دژی ئه مه ریکام،به ڵام کرنۆش بۆ ئه و سه ربازانه ده به م که گیانیان به خت کردوو،به شه ریه تیان له ده ستی چه ته گه ری وبه ربه ریه تی ژاپۆن و ئه ڵمانیا رزگار کرد . جا تکاتان لێده که م به س بڵێن هه ڵه بجه هیرۆ شیمایه

ئه رده ڵان عه بدووڵا

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com